# با زمانی ئێرەمان ڕێک بخەین.. خوا کەریمە بۆ دیاربەکر.!

## وەڵامی هێژا سادق سالح

**موحسین جوامێر**

کە عەبدوڵا ئۆجەلان لە دەرەوەی بەندیخانە بوو، دەیوت دەبێ هەتا ساڵی دوو هەزار دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت، خەنی بووین.. کە گرتیان ـ هەی دەستیان شکێ ـ وتی دایکم تورکە، هاتینەوە سەر سفر.. پاشان ئەوندە تەسریحاتی لە دڵگرانی دەدا، پیاو لە شەرمانا یا پاساوی بۆ دەهێنایەوە، یاخود خۆی لێ کڕ و کەڕ دەکرد.. من ئەو پیاوەم هەمیشە بە مەزڵووم زانیوە، کە گرتیشیان ـ هەی قڕانیان تێ کەوێ ـ گریام. ئەم قسەیەی بەراییم بۆ مامۆستا سادق ساڵح ـ ی بەڕێزە کە لە دووتوێی وتارێکی ئەلکترۆنیدا بەم شێوەیە پرسیارێکی لێ کردووەمە : ( ئایا مەبەست لە زاراوەی خواروو کە بە زمانی یەکگرتوو ناوی دەبەیت، تەنیا کوردستانی باشوورە یان کوردستانی گەورەیە، یان هەر چوار پارچەی کوردستانە ؟ ئەگەر هەر چوار پارچەیە، کێشەیەکی گەورە بۆ دەڤەری سۆران دروست دەکەیت، چونکە دەبێت هەر هەموویان بکەی بە مامۆستای زمان و ڕەوانەی کوردستانی باکووریان بکەی و لەو بڕوایەدام کەم دێنێ، چونکە بەخوا بەشی دیاربەکر ناکەن ) .

خەون و خۆزگە خۆشن، بۆ مرۆڤ هێڤی و فەرامۆشن، وەلێ هەرگیز واقیع لەسەر ئاوات و خەیاڵات دروست نابێ و دەبێ پیاو بە قەد بەڕە پێی خۆی ڕاکێشێ، خەباتیشی بۆ بکات. لە دوای ئەو چەوسانەوە و بێمافبوونەی گەلی مەی کورد لە باکووردا تووشیان هات، نە زمان ما و نە ڕێزمان، نە ڕۆژنامە هێڵرا دەربچێ، نە کتێب و نامێلکە ڕۆشناییان دیت.. زوڵمەکە بە ڕادەیەک بوو، ئێستە هەموو باکوور کێوماڵ بکەن بە قەدەر شاری دهۆک کوردیزانی تێدا نییە، بگرە بە قەدەر شاری زاخۆش.. وەکوو زانراوە تا ئێستە 20 کەس دیوانەمەزنەکەی ئەحمەدی خانییان نەخوێندووەتەوە. دوای زێتر لە بیست ساڵ خەبات و پەروەردە لە ئەوروپا، ئێستەش زمانی ڕەسمیی ماڵەوەی هەڤاڵ و خزمانمان لە پەکەکە و هەوادارانی؛ تورکییە.

باشووری کوردستان، بە درێژاییی حوکمی عیراق، کتێبی کوردیی لێ قەدەغە نەکراوە، هەروەها تا ڕادەیەکیش لە ڕۆژهەڵاتدا. ئەو خزمەتەی لە باشوری کوردستاندا، پێشکەش بە زمانی کوردی کراوە؛ لە هیچ بەشێکی دیکەی وڵاتدا نەکراوە، کە تەنیا ئەمەیان بەسە بۆ ئەوەی بکرێتە زمانی حوکمدار لە باکووری ئازیزیشدا. ئەگەر هەتا ئێستە دیالێکتێک شاژنی ماڵی زمانی کوردی بووبێ، ئەوە شێوەی ـ وەک باوە ـ سۆرانییە و تەنیا پاڵێوراوە بۆ گشتاندنی..هەزار ڕەحمەت لە باب و باپیری سوێدییان بێ کە دەڵێن : ئەگەر ڕێگەت هەڵە کرد، دەبێ بگەڕێیتەوە سەر ئەو خاڵەی کە لە وێوە دەستت پێ کرد. ئێمەش ئەگەر بمانەوێ وەک یەک میللەت بمێنین، هیچ چار نییە و دەبێ ئەو زمانەی تا ئێستە کەسایەتیی لەنێو هەموو کوردا هەبووە، لێیەوە دەست پێ بکەین. نووسینی مامۆستا سادق ساڵح بەم زمانە، بەڵگەیە بۆ ئەوەی لە نێو کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا ڕەگی داکوتیوە و کەسایەتییەکی مەعنەویی پەیدا کردووە، زمانیش مۆدێل نییە تا بیگۆڕیت، مەگەر هەوێیەکی بۆ پەیدا بکەیت، کە قبووڵی ناکات.

ئەوە بۆ چەند ڕۆژان دەچێت، ئێران ـ دەگ ـ گوندەکانی سنوور دەکوتێ، هێشتا تەیارەشی بەکار نەهێناوە، زەندەقی منداڵی چاوکاڵی کوردی بردووە، پیری پەرێشان و دایک و خوشکمانی هەراسان کردووە.. لە بەرانبەر ئەوەدا، لە ڕووبەڕووبوونەوە گەڕێ، یەک تۆپی کوردستانمان نە هاوێژراوە. باسی فیلەتەنەکەی ئەولا هەر مەکە، تورکیا، چ جەندرمەی بەگ و شەگەبەگە هەن، لەسەر سنوور کۆی کردوونەتەوە، هەر بکۆکێ؛ وەک لافاو ئەوەی

بێتە بەرپێی دەیماڵێ و دایدەماڵێ.. ئەوجا لەناو ئەو گێژاوەدا، دەکرێ ئیمە بێین ئەو زمانەی هەمانە و لە مەیدانە، ئیفلیجی کەین، بە بیانووی ئەوەی کوردی باکوور زۆرترن.؟ لەکاتێکدا هەرگیز زۆریی خەڵک پێوەر نەبووە بۆ کردنی دیالێکتێک بە ستانداردی گەلێک.. کە ئەم داوایە تەنیا داوایەکی تەعجیزییە و بەتەمای نیسکێ لە ئیمان گەڕانە. جگە لەوە، بە خوێندنەوەی من، تاکە بەشی کوردستان کە ترووسکاییەکی لێ هەڵبێ، بە فیدڕالییەت مافی کوردی تێدا بچەسپێ یا ببێت بە دەوڵەت، تەنیا باشووری کوردستانە و لەوێشدا ـ ئەگەر مەسەلە پڕانی بێ ـ ئەوە دیارە بەشی کێیە؛ ئەگەرچی من واقیع دەخوێنمەوە، نەک ژمارە. دەنا، ئەگەر بە تەمای دیاربەکر حیساباتی خەیاڵی بکەین، ئەوە هەم لێرە دەبین بە دوو نەتەوە، هەمیش ئەوێمان حاسڵ نەکرد.. ئەوسا لە هەردوو دینان دەبین.

دەڵێن ژنێک مێردی کرد، تۆزێک هێڕۆکە بوو. لە ڕۆژی دووەمی بووکینییدا، گورج هەستا ماڵ پاک بکاتەوە، کە داهاتەوە ـ عەیب نەبێ ـ بایەکی لێ بەر بوو، زۆر تەریق بووەوە.. خەسووی وتی : گوێ مەدەرێ کچم، ئەوە کوڕێکت دەبێ .. لە خۆشییانا؛ بووکە وتی : ئامۆژن یەکێکی دیکەش بکەنم.. خەسووش وتی : نا کچم، عەجەلە مەکە، جارێ ئەم کوڕەیان گەورە کە، خوا کەریمە بۆ یەکێکی دیکە.! جا ئێمەش با ئازابین، جارێ ماڵی زمانمان لە باشوردا قشت و جوان بکەین، ئەوجا خەمی ئەوەمان بێ داخولا چۆن دەتوانین ئەوەندە مامۆستایانە بۆ دیاربەکرێ تەعین بکەین، چونکە هەتا باکوور ڕزگار دەبێت، ڕۆژهەڵات زۆر لەمێژە دەوڵەتە و مامۆستاشی زێدەن.

**02/09/2007**

mohsinjwamir@hotmail.com